# هاوسەرانی تەمەن ١٥ — ٢٠ ساڵان

**گەرچی لە ئاستی زۆربەی وڵاتانی دنیادا هاوسەرگیری پێش تەمەنی یاسایی بە کارێکی نەشیاو و زیانبەخش دادەنرێ، کەچی ڕۆژانە ٢٥ هەزار کچ لەخوار تەمەنی ١٨ ساڵی لەوڵاتە تازەپێگەیشتووەکاندا هاوسەرگیری دەکەن، هەروەها لە وڵاتانی ئیسلامیدا ئەو دیاردەیە ڕێپێدراوەو ڕێژەیەکی زۆری هاوسەرگیرییەکانی ژێر تەمەنی یاسایی، جیابووەنەوەو کێشەگەلی دیکەی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە. بەپێی ئامارێکی دادگای باری کەسی لە هەرێمی کوردستانیش هاوسەرانی تەمەنی ١٥ — ٢٠ ساڵان بەرزترین ڕێژەی تەڵاقیان لە ساڵی رابردوو هەبووە.**

**لە ترسی ئەوەی کچ خۆشەویستی نەکات زوو بە مێردی دەدەن**

ئامارێك ئاشكرای دەكات كە ڕۆژانە ٢٥ هەزار كچ لەخوار تەمەنی ١٨ ساڵی لەوڵاتە تازەپێگەیشتووەكاندا هاوسەرگیری دەكەن، ئایا كوردستانیش یەكێك نییە لەو وڵاتانە؟

مەهدی ساڵح راوێژكاری سەرۆكی حكومەت بۆ كاروباری كۆمەڵایەتی، لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەڵێت «من ناتوانم بڵێم كوردستان یەكێك نییە لەو وڵاتانە. گومانم لەوەدا نییە كە لە كوردستانیش ئەو دیاردەیە هەیە و هۆكارەكانیشی بەرچاون. لەوانە ئێمە لە كوردستان كۆمەڵگەیەكی داخراومان هەیە. كچ و كوڕ ناتوانن یەكتر ببینن و دوای تەفاهوم بەیەكتر بگەن. بۆ ئەوەی ئەو تەلیسمە بشكێنن ئەوا زەواجێكی پێشوەختە دەكەن. هۆكاری دیكە ئەوەیە كە ئاستی رۆشنبیری هەندێك خێزان زۆر نزمە و لەگەڵ یەكەم هەست كردن بەوەی كە كچەكەیان خەریكە گەورەدەبێت، لەترسی ئەوەی خۆشەویستی نەكات و بە بۆچوونی خۆیان تووشی شەرمەزاری نەبن، خۆیان وتەنی بۆ پاراستنی ئابڕوویان ئەوا كچەكە بە مێرد دەدەن. هۆكارێكی دی ئەوەیە كە دەبینین كوڕێك لە خانەوادەیەك كاتی ئەوەی هاتووە هاوسەرگیری بكات، ئەوا بۆ ئەوەی كوڕەكە كچێكی بێگانە نەهێنێت، كچێكی خزم هەرچەندە منداڵیش بێت، لە كوڕەكە مارەدەكەن. ئەمانە و چەندین هۆكاری دی وا دەكەن هاوسەرگیری پێش تەمەنی یاسایی ئەنجام بدرێت».

**كچان دەبێت خۆیان دژی ئەوە بوەستنەوە كە لە ژێر تەمەنی یاسایی بە شوو بدرێن**

توێژەری كۆمەڵایەتی حازم عەلی، هێما بۆ ئەوە دەكات كە كۆمەڵناسان باشترین تەمەنی هاوسەرگیریان بۆ كچان تەمەنی ٢٠-٣٠ ساڵی و بۆ كوڕانیش ٢٥-٣٥ ساڵی پێشنیاركردووە و بەشیاوی دەزانن، بێگومان لەم تەمەنانە كچان و كوڕان



# بەرزترین ڕێژەی تەڵاق پێکدەهێنن



گەیشتوونەتە ئاستێکی پێگەیشتوویی دەروونی، ئەقڵی، جەستەیی و بڕێکیش ئەزموونیان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا کۆکردووەتـــەوە، کـــە بتوانن لەکاتی هاوســـەرگیری و لەژیانـــی خێزانیدا بەکاری بهێنن. زوو هاوســـەرگیری کردن وەك مەســـەلەیەکی خراپ لەپەرەسەندندایەو کچان و کوڕان هەڵپەیانە لە تەمەنێکی زوودا هاوســـەرگیری بکەن، بەتایبەت بەشـــوودانی کچان لە تەمەنێکی زوودا دەرئەنجامی ئەو بیرکردنەوە شـــمولیەیە کە سەرپەرشتی خێزان بە مافی خۆی دەزانێت بەهەموو شێوەیەك لەباتی ئەندامەکانی بڕیار بدات و سەربەخۆییان لێوەربگرێتەوە. وتیشی «پرۆسەی هاوسەرگیری پرۆسەیەکی دەروونی، کۆمەڵایەتی، یاســـایی و شەرعییە هەر کەموکورتییەك هەبێت یان ئامادەباشـــییان نەبێت، بە زیانی پرۆســـەکە دەشکێتەوە.

ئاسوودەنەبوونی ئەوانەی هاوسەرگیری دەکەن، وادەکات گرێیەکی گەورە لە دەروونیاندا دروســـت بێت کە لەڕێی هەڵســـوکەوتی ڕۆژانەوە گوزارشتی لێدەکەن، هەر بۆیە ئـــەو ڕەفتارانەی لەلایەن یەکێکیانـــەوە ئەنجام دەدرێت، ئەگـــەر مایەی قبووڵـــی بەرامبەرەکـــەی نەبێت، ئەوا پەرچەکرداری هاوشێوە ئەنجام دەدرێت و لێرەوە خاڵێك بۆ گرفتەکان دادەنرێت».

حـــازم عەلی ڕایوایە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەو نەهێشـــتنی دیاردەی زوو بەشوودانی کچان ڕاگەیاندنەکان دەتوانن ڕۆڵی بەرچاو ببینـــن بۆ هۆشـــیارکردنەوەی خێزان، وتیشی «مزگەوتیش دەکرێت ڕۆڵی لەم بابەتەی هەبێت و مامۆستایانی ئایینی سەبارەت بە زیان و پێشێلکردنی مافی کچـــان، خێزانەکان ئاگادار بکەنـــەوە. هاوکات لەڕووی یاساییشەوە سزایەکی توند بۆ ئەم بابەتە دابنرێت و ڕێگەنەدرێـــت زیاتر پەرەبســـێنێت. بەپلەی یەکەمیش کچان دەبێت خۆیان لە دژی ئەوە بوەســـتنەوە کە لە ژێر تەمەنی یاســـایی شوو نەکەن، ئەوەش لەئەستۆی کچان خۆیاندایە».



## هەڕەشەی خۆکوشتن دایك و باوکان ناچار دەکات بە هاوسەرگیری منداڵیان لەتەمەنێکی کەمدا ڕازی بن

لەکۆمەڵگەی خۆماندا زوو بەشوودانی کچ و دواتر جیابوونەوەی، دەیان کێشەی کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا هێناوە و دەڤەری گەرمیانیش پشکی شێری بەرکەوتووە. نەغەدە محەممەد ساڵح بەرپرسی ئەنجومەنی دەڤەری گەرمیانی یەکێتی ئافرەتان کوردستان لەوبارەیەوە دەڵێت «لەدەڤەری گەرمیان زوو بەشوودان بۆتە دیاردەیەکی مەترسیدار و قەیرانێکی کۆمەڵایەتی گەورەی دروستکردووە»، نەغەدە محەممەد جەخت لەوە دەکاتەوە کە «هۆکارەکانی هاوسەرگیری لە تەمەنێکی زوودا زۆرن، دیارترینیان ئەوەیە کە کچان و کوڕانی ئێمە کە تەمەنیان دەگاتە ١٣_١٤ساڵ پەیوەندییەکی ناتەندروست لەگەڵ یەکتر دروست دەکەن و بە هەڕەشە و ترساندن دایك و باوك ناچار دەکەن بەم زەواجە ڕازی ببن، لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە گەرمیان کچێکی ١٣_ ١٤ ساڵان خۆی سووتاند، لەبەر ئەوەی باوکی بەوە ڕازی نەبووە لەو تەمەنەدا بەشوو بدرێت، بۆیە هەندێك لەو کچانە لەلایەن خێزانەکانیانەوە هیچ فشاریان لەسەر نییەو زۆربەیان بە ڕەزامەندی خۆیان لەم تەمەنەدا هاوسەرگیری دەکەن، زۆرجاریش تەنیا دوای تێپەڕبوونی چەند مانگێك لە هاوسەرگیرییەکە بە تەڵاق کۆتایی پێدێت، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە لەنێوان تاکەکانی خێزان پەیوەندییەکی ڕۆحی و ئامادەیی و ئەزموونی خێزانداری بوونی نییە، بۆیە نەتوانراوە لەنێوان ئەندامانی خێزان دیالۆگ و گفتوگۆی فراوان بکرێ، ئەوەش وادەکات منداڵەکان گوێڕایەڵی دایك و باوکیان نەبن»، گوتیشی «مرۆڤ لە تەمەنی هەرزەکاریدا کەسێکی کامڵ نییە، بەڵکو منداڵێکی گەورەیە، هەرچەندە هەندێکجار پاڵنەری ئابووری دەبێتە هۆکارێکی دیکەی ئەو بابەتە، بۆ نموونە ئافرەتێ بێوەژنمان هەیە پێنج شەش کچی هەیە، کچەکانی یەك یەك لە تەمەنێکی بچووك بەشوو دەدات، لەبەرئەوەی توانای بەخێوکردن و هەڵگرتنی مەسئولییەتی ئەو کچانەی نییە، ئێمە یاسایەکمان هەیە کچان تاوەکو تەمەنی ١٦ ساڵی بۆیان نییە زەواج بکەن، ئەگەر هاتوو ئەو یاسایەمان گۆڕی و کردمان بە ١٨ ساڵ، ڕەنگە ئەو گەنجانە پەنا بۆ شتی خراپتر ببەن و بەشێوەی دیکە پەیوەندی دروست بکەن، من چارەسەر لەوەدا دەبینمەوە پێویستە پێگەیاندن و دروستکردنی ئیرادەی کچان و کوڕان لە پەروەردەوە دەست پێبکات، چونکە زۆربەی دایکەکان کارمەندن و کاردەکەن، ئافرەتی واهەیە بەیانیان دەوامی هەیەو ئێواران دەوامێکی دی دەکات و شەو بە شەو دێتەوە ماڵ، هەرئەوەندە فریا دەکەوێت خواردنێك دروست بکات بۆ منداڵەکانی، کاتی ئەوەی نابێت سەعاتێك ئامۆژگاری منداڵەکانی بکات و گوێ لەکێشەکانیان بگرێت».



راوێژکاری سەرۆکی حکومەت بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی:

**لەکۆمەڵگەی داخراو کچ و کوڕ ناتوانن یەکتر ببینن و دوای تەفاهوم هاوسەرگیری بکەن بۆیە دەیانەوێ ئەو تەلیسمە بشکێنن و زەواجێکی پێشوەختە دەکەن**

## زۆربەی کوڕ و کچان لەڕێگەی فەیسبووکەوە هاوسەرگیری دەکەن

ئاواز عەلی عەبدوڵڵا، وەك دەروونناسێك هۆکاری ئەنجامدانی هاوسەرگیری لە تەمەنێکی زوودا بە پلە یەك بۆ «تەکنەلۆژیا و ئینتەرنێت و مۆبایل»، دەگێڕێتەوە و دەڵێت «ئێستا وای لێهاتووە زۆربەی کوڕ و کچان لەڕێگەی فەیسبووکەوە هاوسەرگیری دەکەن و پاشان دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی کەم یەکتریان لەبەر چاو دەکەوێت و لەیەکتر جیادەبنەوە، ئێستا کێشەیەکمان لایە کچێك لەڕێگەی مۆبایل و فەیسبووك لەگەڵ پیاوێك پەیوەندی بەستووە و بەڵێنی پێداوە زەواجی لەگەڵ بکات، لەکاتێکدا ئەو پیاوە هاوسەر و دوو منداڵیشی هەیە، هەروەها زۆربەی پیاوەکان لەبەیانییەوە تاوەکو ئێوارە لەدەرەوە خەریکی ئیش و کارن، شەوانەش کە دەگەڕێنەوە ماڵ لەجیاتی ئەوەی لەگەڵ منداڵەکانی دابنیشێت، شەو تابەیانی خەریکی کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت دەبێت، بەهەمان شێوە هەندێ ئافرەت دەناسم دایکی پێنج منداڵە لەپشت مێزەکەی دڵداری دەکات، پەروەردەی منداڵەکانی فەرامۆش دەکات و ئەو دوورییەی نێوان دایکان و باوکان لەگەڵ منداڵەکانیان وادەکات کوڕ و کچانی هەرزەکار بڕیاری نادروست بدەن».

## ئایینی ئیسلام ڕێگەی بە مارەکردنی کچی نابالغیش داوە

مامۆستا مەلا هێمن شارەستێنی جەخت لەوە دەکاتەوە کە هاوسەرگیری پێش تەمەنی یاسایی (١٨ ساڵان) لە ڕووی شەرعەوە دروستە، وتیشی «بەلای زۆربەی زانایانی ئایینی مارەکردنی کچێك کە باڵغیش نەبووبێت، ڕێگەپێدراوە، پێغەمبەری خوا (د.خ) خاتوو عایشەی دایکی ئیماندارانی مارە کرد کە تەمەنی حەوت ساڵان بوو، ئەوەش بە مەرجێك دروستە کە باوکی یان سەرپەرشتەکەی بۆ بەرژەوەندی ئەو کچە ئەو کارەکە بکات. ئەوانەشی تەڵاق دەدرێن لەبەر ئەوە نییە کە پێش ١٨ ساڵی بەشوودراون، بەڵکو هۆکاری گەورەی ئەو دیاردەیە تێکەڵاوکردنی کوڕ و کچە لە قوتابخانەکان، بەهۆی عیلاقەی ناشەرعی یەکتر دەناسن و کە بانگەشەی خۆشەویستی بۆ دەکەن، لە تەمنێکی زوودا کە تەمەنی ژنهێنان و شووکردن نییە، بەڵام لەو پێوەندییە ناشەرعییە تەنیا ئارەزووی سێکسی پاڵیان پێوەدەنێت بۆ هاوسەرگیری، پاش ماوەیەك ئەو حەز و ئارەزووە دادەمرکێتەوە و نە کچە ئەو کچەی جارانە کە خۆی بۆ ئارایشت دەکرد و سەرنجی ڕادەکێشا، نە کوڕەش ئەو کوڕە دەبێت کە ڕۆژی سەد شیعری بە کچەکەدا هەڵدەگوت و لێرەوە شەڕ و ناکۆکی ڕوودەدات».

**پزیشکێک:**

**چۆن زۆری تەمەنی دایک گرفتی خۆی هەیە بچووکی تەمەنیش بۆ هاوسەرگیری گرفت و کێشەی خۆی هەیە و زۆریش مەترسیدارە**

**مامۆستایەکی ئایینی:**

**مارەکردنی کچێک کە بالغیش نەبوویێت، ڕێگە پێدراوە، پێغەمبەری خوا (د.خ) خاتوو عایشەی دایکی ئیمانداارانی مارە کرد کە تەمەنی حەوت ساڵ بوو**

**توێژەرێک:**

**کۆمەڵناسان باشترین تەمەنی هاوسەرگیریان بۆ کچان ٢٠-٣٠ ساڵی و بۆ کوڕانیش ٢٥-٣٥ ساڵی پێشنیارکردووە**

### زانستی پزیشکی زوو شووکردنی کچان ڕەتدەکاتەوە

بەڵام د. سەبریە خدر پسپۆڕ لە نەخۆشییەکانی ئافرەتان و منداڵبوون و نەزۆکی، جەخــت لەوە دەکاتەوە کە زوو شووکردنی کچان لە ڕووی جەســتەییەوە مەترسیدارە، چونکە «زۆرجار بەهۆی بچووکی تەمەن منداڵبوونیان دوادەکەوێــت و لە دەرەنجامی بــە کارهێنانی دەرمانی زۆر و خۆدانە دەســت دکتۆر و دەرزی و دەرمان تووشی موزاعەفات دەبــن، کە دووگیانیش دەبن منداڵدانیان بە باشی گەشــەی نەکردووە، ڕەنگە تووشی لەبارچوونی ببــن، هەروەها لــە کاتی منداڵبوونــدا بەرگەی ژانی منداڵبوون ناگرن و دووچاری نەشــتەرگەری دەبنەوە، ئەوانــە و کۆمەڵێ گرفتی دیکــەی لابەلا دووچاری ئەو تەمەنە دەبێتەوە»، گوتیشــی «زانستی پزیشکی ئەوەی دەرخستووە کە باشترین تەمەن بۆ هاوسەرگیری و دووگیان بوون تەمەنی ٢٠ تا ٣٠ ســاڵییە، واتا چۆن زۆری تەمەنی دایك بێ گرفت نییە لە هەمان کاتیشدا بچووکــی تەمەنیش گرفت و کێشــەی خۆی هەیە و زۆریش مەترسیدارە».

لەهەرێمی کوردستاندا شانبەشانی پرۆسەی هاوسەرگیری ژمارەیەکــی زۆر حاڵەتی جیابوونەوە لــە دادگاکاندا تۆمارکــراون لەســاڵی (٢٠١٢)دا، ٥٠ هــەزار و ٤١ گرێبەستی هاوســەرگیری ئەنجامدراوە و لەبەرامبەردا زیاتر لە ٥ هەزار حاڵەتی تەڵاق تۆمار کراوە. گەر سەیری ئامارێکی سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر بکەین دەبینین هاوسەرانی تەمەن ١٥ — ٢٠ ساڵان بەرزترین ڕێژەی تەڵاقیان لە ساڵی رابردوو هە بــو و ە. ئەمەش دەقی ئامارەکەیە:



**سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر**
**بەڕێوەبەرایەتی پلان و ئامار**
**خشتەی ئامار تایبەت بە دادگای باری کەسیەکان سەر بە سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر**
**لە ١-١-٢٠١٢ تا ٣١-١٢-٢٠١٢**

| چەشنەکانی تەمەن | مارەبڕین | مارەبڕین | تەلاق | تەلاق |
|---|---|---|---|---|
| تەمەن | نێر | مێ | نێر | مێ |
| ١٥-٢٠ | ٣٠٩٦ | ٥١٤٠ | ٥٣٠ | ٥٥٩ |
| ٢٠-٢٥ | ٥٦٤٥ | ٥٤٠٩ | ٥٥٤ | ٥٢٩ |
| ٢٥-٣٠ | ٤٠٦٠ | ٣٥٩٧ | ٥٣٩ | ٤٩٧ |
| ٣٠-٣٥ | ١٨٨٤ | ١٥٥٨ | ٤٣٦ | ٤٤٢ |
| ٣٥-٤٠ | ١١٦٨ | ١٢١١ | ٣١٢ | ٣٢٥ |
| ٤٠-٤٥ | ٨٩٩ | ٩٤٦ | ١٥٦ | ١٤٤ |
| ٤٥-٥٠ | ٩٠٨ | ٧٧٠ | ١٢٦ | ١٣٠ |
| ٥٠- ٥٥ | ٨٤١ | ٧٢٤ | ٨٧ | ٨٨ |
| ٥٥- ٦٠ | ٧٤٦ | ٧٥٤ | ٣٤ | ١١ |
| ٦٠-٦٥ | ١٥٣ | ١٢١ | ٢٦ | ١١ |
| ٦٥- ٧٠ | ٥٩ | ٤٣ | ٣ | ٣ |
| ٧٠-٧٥ | ٢ | | ٢ | ٢ |
| ٧٥ - ٨٠ | ١ | ١ | | |
| تەمەنەکانی تر | ٣ | ١ | ٥ | ٦ |
| کۆی گشتی | ٢٠٢٧٥ | ٢٠٢٧٥ | ٢٨١٠ | ٢٨١٠ |

# بیمەی بێکاری بۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگەکان چ خوێندنەوەیەکی بۆ دەکرێ؟

**ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بڕیاری دا، بیمەی بێکاری بۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگەکان دابین بکات، بەگوێرەی ئەم پڕۆژەیە دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگە حکومییەکان، ئەوانەی لەکەرتی حکوومی و تایبەتدا کاریان دەست نەکەوتووە، خاوەن هیچ پیشەیەکی تایبەت بەخۆیان نین، تائەو کاتەی ئیشێکیان دەست دەکەوێت، حکومەتی هەرێم مانگانە لەچوارچێوەی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی بڕی ١٥٠ هەزار دیناریان بۆ ماوەی شەش مانگ پێدەدات. ئابووریناسێکیش ڕەخنە لەو سیستەمە دەگرێت.**

### زیاتر لە ٢٠ هەزار دەرچووی زانکۆ و پەیمانگە فۆرمی بیمەی بێکارییان پڕکردووەتەوە

مەرجەکانی وەرگرتنی بیمەی بێکاریی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگەکان بەپێی ڕێنماییەکان بریتین لەوەی کە دەبێت دەرچووی زانکۆ و دەستەی خوێندنی تەکنیکی پەیمانگە حکومییەکان بێت، بەسەرکەوتوویی خولی مەشق و راهێنانی پیشەی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی تەواو بکات و رازی بێت بەو کارەی کە لەلایەن وەزارتی کارەوە وەك کاری گونجاو بۆی دەدۆزرێتەوە، هاوکات دەبێ خۆیشی بەدوای دۆزینەوەی کارەوە بێت، هەروەها نابێت لە هیچ پارەیەکی بودجەی گشتی سوودمەند بووبێت، بەوەرگرتنی قەرزی بچووکیشەوە.

بەپێی ئامارێکی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێم، لەهەولێرو سلێمانی و دهۆك زیاتر لە ٢٠ هەزار دەرچووی زانکۆ و پەیمانگە فۆرمی بیمەی بێکارییان پڕکردووەتەوە، لەو ڕێژەیەش زیاتر لە ١٤ هەزاریان سەر بەپارێزگای هەولێر و دهۆکن.

### ژمارەی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێم زۆر زیاترە لە توانای حکومەت بۆ دامەزراندنیان

هێڤی جۆلا زیاتر لە چوار ساڵە کۆلیژی یاسای تەواو کردووەو تائێستا دانەمەزراوە، لە بیمەی بێکاریش بێبەشە. ئەو بە نیگەرانییەکی زۆرەوە دەڵێت «پرۆسەی خوێندن لە کوردستاندا هەر لە قۆناغی



گوڵان: کۆمەڵایەتی

بنەڕەتییەوە تاکو زانکۆ و خوێندنی باڵاش پرۆسەیەکی بێ بەرنامە و پڕ لە کێشەیە، پەیوەندییەکی توند و تۆڵ و ڕێکخستنێکی ئەوتۆ لــە نێوان ناوەندەکانی پەروەردە و دەزگاکانی تایبەت بە دامەزراندن نییە، بۆیە دەبینیــن ژمارەی دەرچووان لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێمی کوردســتان زۆر زیاترە لە توانــای حکومەتی هەرێم بۆ دامەزراندنیان و کەڵەکــە بوونی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگەکان ســاڵ لە دوای ســاڵ وای کردووە، بێکارییەکی بەرفراوان دروست ببێــت، بیمەی بێکاریش دەسپێشــخەرییەك بوو لە حکومەتەوە وەك چارەســەرێکی کاتی بۆ کێشــەی بێکاری و بە واتایەکی تر بۆ بێدەنگکردنــی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگــەکان لە داوا کردنی دامەزراندن، ئەویش بە پێدانی بڕە پارەیەکی کەم کە تەنانەت بەشی هەفتەیەك ناکات، جگە لەوەی پێدانی بیمەی بێکاری بە شێوەیەکی نایەکسان بەڕێوە دەچێت و هەموو دەرچووانی نەگرتووەتەوە، بێکاری گەورەترین کێشــەیە کە لەئەمڕۆدا رووبــەڕووی کۆمەڵگەکەمان دەبێتەوە تەنانەت گەیشــتووەتە رادەیەك کــە دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگەکان دووبارە و ســێ بارە لە کۆلێــژە ئەهلییەکان بخوێنن و کۆمەڵێك بڕوانامە بۆخۆیان کۆبکەنەوە، بەبێ ئەوەی چانســی دامەزراندنیــان هەبێت، بە یەکێك لــەو بڕوانامانە، لەلایەکی ترەوە پێدانی بیمەی بیکاری سەرەتایەك دەبێت بۆ خووگرتنی هاووڵاتی بــە تەمەڵی و نەگــەڕان بــە دوای کاردا و بەڕێوەبردنی ژیانیان بە بڕە پارەیەکی کەم کە تەنانەت پێداویســتییەکانی رۆژانەشــیان پــڕ ناکاتەوە، لە وڵاتانی رۆژئاوا تۆڕی پاراســتنی کۆمەڵایەتی کاری ســەرەکی دابینکردنی ژیانێکــی گونجاوە بۆ هاووڵاتیان و دیاریکردنی بڕی بیمەی بێکاری لەسەر بنەمای ئاستی ئابووری وڵاتەکە دەبێت، لە کاتێکدا ئەو بڕەی لە هەرێمی کوردستان دیاری کــراوە، تێیدا باری ئابووری گونجاو بــۆ تاکەکان ڕەچاو نەکراوە، بۆیە هیوادارین لە داهاتــوودا حکومەتی هەرێم و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دووبارە چاو بخشــێننەوە بەو بڕە دیاریکراوە و هەماهەنگی و بەرنامەی چڕ و پڕ دابڕێژن بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بۆ دەرچووان و کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری لە داهاتوویەکی نزیکدا» .

**بەپێی یاسا کاری ڕەش لە وڵاتانی پێشکەوتوو سزای هەیەو پێویستە لەکوردستانیش هەمان یاسا جێبەجێ بکرێت**

رۆژنامەنووس کارزانی مامەندپیران، تەمەنی ٢٧ ساڵەو دەرچووی پەیمانگەی تەکنیکییــە، ئەو ڕایوایە «پێدانی دەرماڵەی بێکاری دەبێــت یاســایەکی تایبەت بەخــۆی هەبێــت و بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردن و چەسپاندنی ئەو یاسایە بکرێت، نەك کەسانێك جگە لەکاری خۆیان لەهەمانکاتــدا مامەڵەی بیمەی بێکاری بکەن»، وتیشی «ئێستا ئەوە بووەتە دیاردە و زۆر کەس دەبینین کە دەرچووی زانکــۆ یان پەیمانگــەن، بەڵام بەکاری تــر خەریکن و مامەڵەی بیمــەی بێکاریش دەکەن، کە ئەمجــۆرە کارە لەئەوروپا پێی دەڵێن کاری ڕەش، ئەم کاری ڕەشە سزای هەیەو پێویستە لەکوردستانیش هەمان شت جێبەجێ بکرێت، سەبارەت بەبڕی پارەکەش زۆر کەمەو بەشی بژێوی تاکە کەسێك ناکات، واتا کەسێك لەماوەی ٣٠ رۆژدا بە تەنها ١٥٠ دینار پێداویســتییەکانی ژیانی دابین ناکات، ئەوەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی ئەو کەســە وەك تاکێکی کۆمەڵگە ژیانێکی کولەمەرگی بەســەر ببات، کە ژمارەشــیان زۆر بوو، کۆمەڵگە دەکەوێتە مەترسی و ژیانی کولەمەرگی بەسەر دەبات، ئەگەر بێتو ئەو تاکە ئافرەتیش بێت، ئەوا مەترسییەکە گەورەتر دەبێت، بۆیە من پێم باشە یەکەم کاری حکومەت زیادکردنی دەرماڵەی بێکاری بێت، دووەمیش هەوڵبدات بیمە تەنها بەو کەســانە بدات کە هیچ کارێك ناکەن، بەم شــێوەیە ڕێژەی بێکاریش کەم دەبێتەوە، چونکە بەهۆی ئەو بیمەیەوە خەڵکێکی زۆر کە کاری تریشی هەیە، ناوی لەبیمەی بێکاری نووسیوەو ئەمەش ڕێژەی بێکاری بەرز کردۆتەوە».

**باحکومەت ئەو پارەیە لەبری مووچە و یارمەتی بکاتە پڕۆژەی کار بۆ گەنجان**

کەتــان خادمی، میدیاکارەو بۆچوونی خۆی بە چەند پرســیارێك دەخاتــە ڕوو «ســەرەتا دەبێت پرســیاری ئەوە بکــرێ کە ئایا کۆمەڵگەی کوردی تاچەند پێویســتی بە هێزی ئــەم قوتابیانە هەیــە؟ ئایا پێدانی ئەم مووچەیە بــۆ ئەوەیە کە قوتابیان هاواری نەبوونی تەعینات نەکەن؟ تۆ بڵێــی حکومەت نەیتوانیایە کارێك لەمە شــیاوتر بۆ ئەم قوتابیانە بدۆزێتەوە؟»، وتیشــی «لەوڵاتی ئێمەدا دەبێت هەر بەگەنجی تواناکانمان لەناو ببرێن، وەك خانەنشین مامەڵەمان لەگەڵ بکەن، بەدڵنیایەوە ئەو بڕە پارەیە بۆ گەنجێکی خاوەن شــەهادە زۆر کەمە و بەشــی هیچ ناکات، بە تایبەتی بۆ کچان، چونکە کچێك بۆیە خوێندوویەتی کە ئیتر دەســت لەباوکی پــان نەکاتەوە، بەڵام دەبینــی دوای دەرچوونی لە زانکۆ تەمەنی لەســەرووی ٢٥ ســاڵەوەیەو خاوەنی گیرفانی خــۆی نییە، بۆیە هەســت بەشــەرم دەکات داوای پارە لە ماڵەوە بکات.. من پێموایە ئــەو بودجەیەی هەرێم دەیتوانی گەورەتریــن پڕۆژەی کار بەرهەم بهێنێت بۆ کچان تا بەهرەو تواناکانیان نەپوکێنەوە، نەك بە گەنجی خانەنشینی وەربگرن، پارە وەرگرتن ئەو کاتە خۆشە کە کار بکەیت، من بەشبەحاڵی خۆم پێشنیارێکم هەیە باحکومەت ئەم پارەیە لەبری مووچە و یارمەتی بکاتە پڕۆژەی کار بۆ گەنجان».

**گەنجان فێری وەرگرتنی پارەی بەخۆڕایی دەکات**

لەلای خۆیەوە نازدار عەلائەدین سەجادی شارەزای بواری ئابووری، پێدانــی بیمەی بێکاری بە دەرچووانــی زانکۆ و پەیمانگەکان بە کارێکــی باش نازانێت و پێیوایــە زەرەر لەژێرخانی ئابووری وڵات دەدات، جگە لەوەی کە گەنجان فێری وەرگرتنی پارەی بەخۆڕایی دەکات، هەروەها گوتی: «دەکرێ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگەکان لەبــری ئەوەی ئەوەندە ڕوو لە حکومــەت بکەن، هەوڵی ئەوە بدەن روو لە کەرتی تایبەت بکەن، بەڵام بەداخەوە تاکی ئێمە هەمیشــە چاوی لەوەیە لە کەرتی حکومەت دابمەزرێت و بەیانی خانەنشینی هەبێــت، پارچە زەوییەکیش لە حکومــەت وەربگرێت، واتا ئێمەی کورد بەگشــتی توێژێکی تەمبەڵین و حەزمان لە پارەی حازرە و دەمانەوێ بێ ئەوەی زەحمەت بکێشــین حکومەت مووچەمان بۆ ببڕێتەوە، دەتوانم بڵێم گەنجانی ئێمە کەســانی بێ توانا نین، بەڵام بەداخــەوە فێری تەمبەڵی بوون، دەیانــەوێ وەربگرن بێئەوەی هێز ببەخشن».

نازدار عەلائەدین ســەجادی لە درێژەی قسەکانیدا هێمای بۆ ئەوە کرد کە «ڕەنگە زۆربەی گەنجان بڵێن ١٥٠ هەزار دینار پارە نییە و وڵاتەکەمــان دەوڵەمەندە و نەوتمان هەیە، بەڵام بۆ حکومەت ئەو بڕە پارەیە زۆرە ئەگەر بخرێتە سەر یەك و بودجەیەکی گەورەی لێ دەردەچێت»، وتیشــی «تائێستاش بودجە بە هەزار دەردەسەری لە بەغــدا وەردەگرین، بەڵام دەکرێت حکومەت بە جۆرێکی دیکە ئەو بودجە گەورەیە بۆ پڕۆژەیەك تەرخان بکات و تێیدا توانای گەنجان بخاتــەکار، بەڵام مــن گومانم لەوە هەیە کــە بەیانی حکومەت پــڕۆژەی گەورە و کارگەی گەورەش دروســت بــکات، گەنجان ئامادەبن کاری تێدا بکــەن، ئایا گەنجانی ئێمە بە هەموو کارێك رازین و هەموو کارێك دەکەن؟ هەمیشــە ڕەخنەی ئەوەمان لێگیراوە کە کار بە ئەســیوپییەکان دەکرێ، بەڵام ئەو کارەی ئەوان دەیکەن، گەنجانی خۆمان ئامادە نین بیکەن.

**گەنجان هێزی وڵاتن ئەگەر فێری وەرگرتنی پارەی بەخۆڕایی بن زەرەر لەژێرخانی ئابووری وڵات دەدەن**

**کەڵەکە بوونی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگەکان ساڵ لە دوای ساڵ وای کردووە، بێکارییەکی بەرفراوان دروست ببێت**

**پێدانی بیمەی بیکاری سەرەتایەک دەبێت بۆ خووگرتنی هاووڵاتی بە تەمەڵی و نەگەڕان بە دوای کاردا و بەڕێوەبردنی ژیانیان بە بڕە پارەیەکی کەم کە تەنانەت پێداویستییەکانی رۆژانەشیان پڕ ناکاتەوە**